# جاشك



Lindiwe Matshikiza
Meghan Judge
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 3



ئەو کچە بچووکە بوو کە یەکەم جار لە دوورەوە تارماییەکی غەریبی بینی.



دواتر کاتێك تارماییەکە نزیك بوویەوە، بینی کە ژنێکی بەرزی دووگیانە.



به شەرمەوە، بەڵام ئازایانە ئەم کچە چکۆڵە لە ژنەکە نزیك بوویەوە. ئەوانەی کە لەگەڵ کچە چکۆڵەکە بوون گوتیان: “ئێمە دەبێ لێرە ئاگامان لەو بێ. ئێمە دەبێ ئاگاداری خۆی و منداڵەکەی بین.”



مناڵەکە کاتی لەدایکبوونی بوو. “پاڵ پێوەبنێ!” “لێفە بێنە!” “ئاو!” “پاڵ بدە!”



کاتێ ئەوان منداڵەکەیان بینی، هەموویان بە سەرسامییەوە کشانەوە.

“جاشکێک؟”



خەڵکەکە هەر یەکەو قسەیەکی دەکرد. هەندێکیان گوتیان: “ ئێمە گوتبوومان ئاگامان لە مناڵەکە و دایکەکە دەبێ و لەسەر بەڵێنەکەی خۆشمان دەمێنینەوە”، بەڵام ئەوانی دیکە گوتیان: “ ئەمانە شومن بۆ ئێمە!”



بەم جۆرە بوو کە ژنەکە دووبارە بێکەس مایەوە. ئەو بیری کردەوە کە ئێستا دەبێ چی لەم مناڵە سەیرە بکات. ئەو بیری کردەوە ئەی خۆی دەبێ چی بکات.



بەڵام سەرەئجام دانی بەوەدا نا کە ئەو منداڵە، منداڵی خۆیەتی و ئەویش دایکییەتی.



ئەگەر قەبارەی منالّەکە هەر ئەوەندە چکۆلە مابایەوە، لەوانەیە بابەتەکە جیاوازتر بوایە، بەڵام جاشکەکە هەتا دەهات گەورەو گەورەتر دەبوو، تا وای لێهات بە کۆڵی دایکی هەڵنەدەگیرا. لەگەڵ ئەوەی زۆر هەوڵی دەدا، بەڵام نەیدەتوانی وەکوو مرۆڤێك ڕەفتار بکات. دایکی زۆرجار شەکەت و ماندوو دەبوو بەدەستییەوە. هەندێ جار ناچاری دەکرد جۆرە کارێك بکا کە کاری ئاژەڵان بوو.



گوێدرێژەکە زۆر هەستی بە بێزاری و توڕەیی دەکرد. ئەو نەیدەتوانی هەر جارەو بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکا. هەتا وای لێ هاتبوو نەیدەتوانی نە وەکو مرۆڤ بێت و نە وەکو ئاژەڵیش. ئەو ئەوەندە تووڕە بوو تا ئەوەی کە ڕۆژێك لووشکەیەکی لە دایکی دا.



گوێدرێژەکە شەرمەزار بوو، بۆیە هەتا توانی دوور کەوتەوە.



گوێدرێژەکە کاتێك لە غاردان وەستا، شەو داهاتبوو، ون ببوو. لە تاریکایی شەودا دەیزەڕاند و دەنگی دەدایەوە، ئەو تەنیا بوو. ئەو خۆی وێك هێنابوو و چووە ناو خەوێکی قووڵ و ناخۆشەوە.



گوێدرێژەکە کاتێ لەخەو هەستا، دیتی پیاوێکی پیر چاوی تێ بڕیوە. دەگەڵکوو سەیری چاوی پیاوە پیرەکەی کرد، تۆزێك ئومێدی بۆ گەڕایەوە.



گوێدرێژکە چوو لەگەڵ پیرە پیاوەکە پێکەوە بژین. ئەو زۆر شتی لە بارەی ژیان فێری گوێدرێژەکە کرد. گوێدرێژەکە گوێڕایەڵی پیرە پیاوەکەی دەکرد و زۆر شتی لێ فێر بوو، پیرە پیاوەکەش هەروەتر.

ئەوان یارمەتی یەکتریان دەدا و پێکەوە پێدەکەنین.



ڕۆژێك پیرە پیاوەکە داوای لە گوێدرێژەکە کرد کە سواری پشتی خۆی بکات و بیبات بۆ لوتکەی چیایەك.



له سەرەوە و لەنێو هەورەکان خەویان لێکەوت. گوێدرێژەکە خەوی بە دایکییەوە بینی کە دایکی نەخۆشە و بانگی دەکات. لەو کاتەدا گوێدرێژەکە لە خەو ڕاپەڕی...



هەورەکان، هەروەها هاوڕێ پیرەکەشی پێکەوە دیار نەمان.



گوێدرێژەکە سەرئەنجام تێگەییشت کە دەبێ چی بکات.



گوێدرێژەکە دایکی دیتەوە کە لە دووریی لەدەستدانی مناڵەکەی، خەمبار و تەنیا مابوویەوە. دەمێك چاویان تێك بڕی. دواتر باوەشێکی گەرمیان بە یەکدا کرد.



گوێدرێژەکە لەگەڵ دایکی پێکەوە دەیانگوزەراند و زۆر ڕێگا فێر بوون کە چۆن پێکەوەو شانبەشانی یەکتر بژین. وردە وردە، بنەماڵەی دیکەش هاتن و لە دەوروبەریان دەستیان کرد بە دروستکردنی خانوو بۆ خۆیان.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## جاشك

Skrevet av: Lindiwe Matshikiza
Illustret av: Meghan Judge
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.